www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا13:08 21-7-2006

## بزاڤی سیاسیی ئیسلامی، لەبەردەم نەبوونی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەدا ... ڕێبوار عەلی

لە ماوەی (15) ساڵی ئەزموونی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، کە خۆی لە دام و دەزگاکانی (یەکێتی و پارتی) دا بینیوەتەوە، هەردەم دوچاری گرفتی نەبوونی میتۆدی زانستی و خوێندنەوەی بابەتیانە بوونەتەوە بۆ زۆر لە بابەتە هەستیار و ژیانییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەت لە بابەتی ئیسلامییەکاندا (کە گەرمترین بابەتی سەردەم بووە) نەیانتوانیوە (1) ئەم حاڵەتەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و دەروونی دەگەڕێتەوە، کە بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەین:

1. ئەو دام و دەزگایانە بەردەوام بە چاوی ڕکابەر و دژەوە سەیری ئیسلامییەکانی بەرامبەریان کردووە و بە بڕیاری پێشوەخت مامەڵەیانە لەگەڵ کردوون و ویستوویانە بە وێنەیەکی تەڵخ و بە شێوەیەکی ناجوان بیانخەنە ڕوو.

2. لە زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلامی سیاسی تەرخانیان کردووە، زۆربەی جار تاکلایەنە بووە و بەرامبەر تۆمەتبار کراوە، کە ئیسلامییەکان بوون ئامادە نەبوون و بەشدارییان پێ نەکراوە، کە ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە و دواتر قسەی لەسەر دەکەین.

3. بۆ ئامادەکردنی دواندەر و ئاخێوەر لەسەر ئیسلامی سیاسی، ئەو دام ودەزگایانە نووسەر و ڕۆشنبیری حیزبیی خۆیان یاخود ڕۆشنبیرێکیان دیاری کردووە، کە بە ویستی ئەوان قسە بکات و هاوبیرو ڕا بێت لەگەڵیاندا.

4 . لە ڕووی دەروونیشەوە ئەوان لە ناخیاندا هەڵگری جۆرە کینەیەک بوون بەرامبەر ئیسلامی سیاسی، نەک هەر نەیانویستووە لە ڕێگەی دام دەزگاکانی ئەوانەوە دەربکەن و پەیامی خۆیان ڕۆشن بکەنەوە، بەڵکو زۆر کات لە بۆنە ڕەسمی و نیشتمانییەکاندا نەیاویستووە وێنەشیان دەربکەون.

5 . لە ڕووی ململانێی سیاسییەوە هەروەک چۆن ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە باڵادەستیی خۆیان لە ڕووی ئەمنی و ئیداری و ئابوورییەوە لەو ململانێیەدا بەرامبەر حیزبەکانی تر نیشان داوە، دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشیان وەک هێزێکی ئامادە و چەکێکی بە بڕشت بەکار هێناوە و زیاتر کاری ململانێکردن بووە نەک خوێندنەوەی بابەتیانە.

سەبارەت بە بانگەشەنەکردنی ئیسلامییەکانیش بۆ ئەو لێدوان و گفتوگۆیانە، دەتوانین بۆ دوو هۆکاری سەرەکیی بگەڕێنینەوە.

1 . مەبەستیانە بەو شێوەیە ئیسلامییەکان پیشانی ڕای گشتی بدەن کە خۆیان دەیانەوێت و، لە ڕێگەیەوە ئەو ئامانجە بهێننە دی کە ئیسلامییەکان گۆشەگیرن و نامۆن بەم کۆمەڵگایە!

2 . نایانەوێت لەسەر مێزی گفتوگۆ ڕووبەڕووی ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکان بووەستن، چونکە وا گومان دەبەن کە ئیسلامییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی گونجاو خۆیان نمایش بکەن، نەک هەر بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵکو لاوازی و کەم و کوڕییەکانی بەرامبەریش دەستنیشان بکەن و بیانخەنە ژێر پرسیارەوە.

ئەم پێشەکییە بۆ قسەکردن بوو لەسەر واقیعی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو دوو حیزبە، کە لە دوای ڕاگەیاندنی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان و بەشداریی بزاڤی ئیسلامی سیاسیی کوردستان تیایدا، دواترینی ئەو سیناریۆیانە ئەو ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەی کە باسمان کرد، بەرنامەی (کولتوور و ڕۆشنگەری) بوو کە لە کەناڵی (کوردسات) شەوی (26/25 . 6 . 2006) لەلایەن بەڕێز (ئومێد قەرەداغی) و بە بەشداریی (کاک حەسەن) پسپۆڕ لە ئیسلامی سیاسیدا پێشکەش کرا. (2)

تێکڕای بەرنامەکە قسەکردن بوو لەسەر حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و، چەمکی (موعارەزە) یان کردە بنەمای لێدوانەکەیان و وایان خستە ڕوو کە ئیسلامی سیاسی شکستی هێناوە لەوەی بتوانێت ببێتە خاوەنی پرۆژەی موعارەزە لە کوردستاندا.

لێرەدا بە کورتی سەرنج و تێبینییەکانی خۆم لە چەند خاڵێکدا سەبارەت بە چەمکی بەرهەڵستکاری و هێزی (موعارەزە) و بەرهەڵستکار لە کوردستاندا تۆمار دەکەم، کە هیوادارم نەبێتە هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی ڕابردوو، بەڵکو ئەزموونێک بێت بۆ داهاتوو، کە لە ڕێگەیەوە بتوانین گفتوگۆی ئازاد دروست بکەین و ڕاستییەکان وەک خۆیان ببینین.

1. ئەوەی ناتوانرێت سەبارەت بە هەبوونی موعارەزە لە کوردستاندا نکوڵیی لێ بکرێت، ئەوەیە کە هێزی موعارەزە ئەگەرچی لاوازیش بێت، خۆی لە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان لەلایەک و بزاڤی سیاسیی ئیسلامی لەلایەکی تر خۆی دەبینێتەوە. (3) کە تاکو ئێستا سەرباری هەموو بەربەستەکانی دەسەڵات ئەوان وەک بەرهەڵستکار دەرکەوتوون و لە زۆر بوارە ژیانی و سیاسییەکاندا دەسەڵاتیان خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

2. دەسەڵاتەکانی کوردستان سەرباری ئەوەی زۆر بە باڵای ئازادی و دیموکراسیی هەرێمی کوردستاندا هەڵیانداوە و ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی هەرێمیان بە ناوازە لە عێراق و ناوچەکەدا ناوزەد کردووە، بەڵام لە ئەنجامی پرۆسە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن و ململانێکانی رابردوودا نیشانیان داوە، کە هەتا ئەو رادەیە ئازادیخواز و دیموکراسین رێژەی دەنگەکانیان بەرز و دەسەڵاتیان پارێزراو بێت، ئەگینا بە پێچەوانەوە لە رابردوودا دەریانخستووە ئامادە نین بە گەمەی هەڵبژاردن و پەیڕەوە دیموکراسییەکان ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن و ئەوان ببن بە موعارەزە.

هەر بۆیە بینیمام لە هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵی رابردوودا کە چاودێری نێو دەوڵەتی هاتە ئاراوە، کاری گەورەی نایاسایی و تەزویری تیادا ئەنجام دراوە، هەرسێ شارە سەرەکییەکەی کوردستان چوونە لیستی رەشەوە.

3. لە دوای چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لە دەستوری هەمیشەیی عێراق و ئارامبوونەوەیەکی رێژەیی باری سیاسیی کوردستان، (یەکگرتوو) وەک هیزێکی مەدەنی دیاری بزاڤی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، بوونی موعارەزەی لە گۆڕەپانی سیاسیی کورستاندا بە پێویست زانی، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو لە هەڵبژاردنەکانی (2005/12/15) دا بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزی، بەڵام بینیمان ئەو هێزە ئەو هەنگاوەیان نەک هەر بە شێوەیەکی ئاسایی وەرنەگرت و مامەڵەی دروستیان لەگەڵ نەکرد، بگرە بە پێی هەواڵەکەی سایتی (کوردستان نێت) چەند رۆژێک بەر لە وادەی هەڵبژاردن پلانێکی ئەمنیی هاوبەشیان دانابوو بە ناوی جەماوەرەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا لە (یەکگرتوو) بدەن، کە دواتر رووداوە مەترسیدارەکانی دەڤەری بادینانی لێ کەوتەوە و سیناریۆکە بە نیوەناچڵی کۆتایی پێ هات.

4. لە دوای پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دام و دەزگاکانی راگەیاندن لەبری ئەوەی بەشداریی ئیسلامییەکان لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بنرخێنن و هانیان بدەن ببن بە بەشێک لە پرۆژەی نەتەوەیی کورد و تواناکانیان لەو بوارەدا سەرف بکەن.

دێن بەشداریی بزاڤە ئیسلامییەکان لە حکومەتی یەکگرتووی کوردستاندا بە پاشەکشە لە موعارەزە و شکستخواردن ناوزەد دەکەن و بە هەمان میتۆدی نازانستیی پێشوو و لێکدانەوە بۆ رووداوەکان دەکەن و خوێندنەوەی نابابەتیانە بۆ بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان دووبارە دەکەنەوە.

بە بۆچوونی من ئەو هەنگاوەی ئیسلامییەکان هەنگاوێکی دروست و ژیرانە بوو، کە لە ئەنجامی ئەزموونەکانی رابردوو نەبوونی دەستورێکی چەسپاو لە کوردستاندا بۆیان دروست ببوو، کە بتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی پەیوەندیی نێوان موعارەزە و دەسەڵات رێکبخات.

هەر بۆیە کاری موعارەزەبوون لەم قۆناغەدا زیاتر لە رێگەی موعارەزەی پەرلەمانی و پێشکەشکردنی پرۆژەی پراکتیکییەوە دەبێت کە دیاردە دزێوەکانی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا کەم بکاتەوە پاشان بنەبڕی بکات.

هەروەک بزاڤی رۆژنامەگەریی ئازاد و رێکخراوە چالاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان دەتوانن هەردەم وەک هێزی فشاربەر ئامادەییان هەبێت و چاودێر بن بە سەر دەسەڵاتەکانەوە و زیاتر بوار بۆ نەریتە مەدەنییەکانی دەربڕینی ناڕەزایی هێمنانە خۆش بکەن.

5 . سەرنجی دام و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو دوو حیزبە بۆ ئەو راستییە رادەکێشم، لەبری ئەنجامدانی کاری سواو و دووبارەکردنەوەی دنیابینی و میتۆدە نابابەتییەکانی رابردوو بەخۆیاندا بچنەوە، نەک هەر (ئیسلامی سیاسی) هەموو بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان بە دیدێکی رەخنەیی و زانستییانە هەڵبسەنگێنێت خوێندنەوەی بابەتیانەیان بۆ ئەنجام بدەن.

سەبارەت بە بزاڤی سیاسیی ئیسلامیی کوردستان، مونازەرەیەکی زانستی بە بەشداریی هەموو بیرکردنەوە جیاوازەکان ئەنجام بدەن، کە ئەوەش تاکە رێگەی راست و هۆکاری پێشکەوتنی کلتوری فرەییە لە کۆمەڵگاکەماندا.

پەراوێزەکان:

1. بەڵگەی ئەم ئەنجامەش ئەو هەموو مێزگرد و سیمینار و گفتوگۆیانەیە کە بەردەوام لە دام و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو حیزبانەدا بڵاو دەکرێتەوە و (ئیسلامییەکان) ونن تیایدا، ئەم بێبەشکردنەش بە تایبەت لە سەرجەم کەناڵە ئاسمانییەکانی وەک (کوردستان، زاگرۆس، کوردسات) دا دەبینرێت! کە ئەمەی دواییان کەسێک جیاوازیی لەوانی تر هەبووە، جار جارە بەشداریی بە ئیسلامەییەکان کردووە.

2. زۆر جار ئەم دام و دەزگایانە بە بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەستەواژەی (پسپۆڕ لە ئیسلامی سیاسی) لەو مێزگردانەدا دەبەخشن بە میوانەکانیان، یاخود ئەو کەسانە دێنن کە لە دەزگا نهێنییەکانی ئەو حیزبانەدا دۆسیەی تەحقیق و بەدواداچوونی (ئیسلامی) یان لەلایە و بەو جۆرە وەک خەبیر و پسپۆڕ ناوزەدیان دەکەن.

**3. حیزبە چەپەکانی کوردستانیش بەشێکن لە هێزی موعارەزە لە کوردستاندا، بەڵام لاوازن و هەتاکو ئێستا نەبوونەتە هێزێکی جەماوەریی حساب بۆکراو.**